# *F*EDERATION OF *I*RAQI *R*EFUGEES

# هەواڵێکی گرنگ بۆ پەنابەرانی کوردی عێراقی؟

==========

**NCADC News Service** **خزمەتگوزاری خەبەری( ئیئتلافی نیشتمانی کەمپینی دژی دیپۆرت ):**

==========

***Important information for Iraqis in the UK refused asylum between '1st October 2000 and 20th March 2003 on the ground that they could relocate from Government-controlled Iraq to the Kurdish Autonomous Zone ('KAZ')***

**زانیاریەکی گرنگ بۆ ئەو عێراقیانەی لە بەریتانیا داوای پەنابەرییان رەفز کراوە لە نێوان 1-10-2000 ەوە تاکو 20-3-2003 لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەیانتوانی لەناوچەی ژێردەسەڵاتی حکومەتی عێراقیەوە بچن لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان نیشتەجێ بن.**

**ئەو عێراقیانەی داواکاری پەنابەرییان لە 1-10-2000 ەوە تا 20-3-2003 لەلایەن هۆم ئۆفیسەوە لەسەر ئەو بنەمایە رەفز کراوە کە دەیانتوانی لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتەوە بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان بچن و لەوێ نیشەجێ بن، ئێستا ئەوانە دەتوانن و مافی ئەوەیان هەیە داوا لە وەزارەتی نێوخۆیی بکەن کە ئیقامەی هەمیشەیی( ILR )یان پێبدات. ئەویش لەبەر ئەوەی تاکو 21-3-2003 هۆم ئۆفیس سیاسەتی گواستنەوەو نیشتەجێبوونی نێوخۆیی پەیرەو دەکرد لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتەوە بۆ ناوچەی کوردستان. ئەمە لە حوکمێکی دادگای باڵادا و دادگای ئیستینافی بەختیار رەشید و وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ناوخۆ تەئکیدی لەسەر کرایەوە. دادگا بڕیاری دا کە ئەوەی بەدکارییە لە دەسەڵاتدا کە وەزارەتی ناوخۆ ئیقامەی هەمیشەیی نەدات بە بەختیار رەشید هەتا ئەگەر بتوانێ لە ناوچەی کوردستانیشدا نیشەجێ بێت یاخود ئێستا بچێ لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقیدا بژی.**

**ئەم مەسەلەیە دەکرێ ئەو کەسانە بگرێتەوە کە لە کۆتاییدا لە دادگادا داواکەیان رەفز کرابێت یاخود مەسەلەی نیشەجێبوونی نێوخۆییش وەکو بەڵگەی رەفزکردنەکەی باس نەکرابێت. بەختیار رەشید کەیسەکەی بردەوە لە دادگا گەرچی ئیستئنافەکەی رەفزکرابوو.**

**دەکرێ ئەم مەسەلەیە ئەو کەسانەش بگرێتەوە کە داواکاری پەنابەریەکەیان رەتکراوەتەوە بەڵام مۆڵەتێکی کاتی و دیاریکراویان بۆ مانەوە پێدراوە وەکو ئیقامەی ئیستیسنائی و بە پێی سەڵاحیەت.**

**ئەوە پەنابەرەی کە پێی وایە دەتوانێ سوود لەم بڕیارە وەربگرێ دەبێ نامەیەکی نووسراو بۆ هۆم ئۆفیس بنێرێت و داوای ئیقامەی دائیمی بکات، دەبێت لە داواکاریەکەیدا ئیشارە بە کەیسی بەختیار رەشید بکرێت و ئەوە روون بکرێتەوە کە بۆچی ئەویش شمولی ئەو مەسەلەیە دەکات. ئەگەر بکرێت ئەو داوایە لە رێگای محامیەوە بێت باشترە. وە بە زووترین کات ئەو داوایە پێشکەش بکرێت. ئەگەر هۆم ئۆفیس لە ماوەیەکی موناسیبدا وەڵامی نەدایەوە یان رەفزی داواکەی کرد ئەوا پێویستە پەنا ببرێتە بەر محامی بۆ ئامۆژگاری دەربارەی چاوپێداخشاندنەوەی دادوەری وەزارەتی ناوخۆ.**

**تێبینی: ئەم نوسراوە تەرجەمەی ئەو نوسراوەیە کە لە لایەن ( Simon Cox ) محامی بەختیار رەشیدەوە ئامادەکراوە بە زمانی ئینگلیزی. بەمەبەستی هاوکاریکردنی پەنابەرانی کوردی عێراقی کە ئەم بڕیارە دەیانگرێتەوە لەلایەن ئێمەوە ئامادەکراوە. لە نوسراوەکەدا تەوجیهاتی پێویست هەیە و هەرکەسێکیش پێویستی بە راوێژی زیاتر هەیە دەتوانێت پەیوەندی بە ئێمەوە ( فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی ) یەوە بگرێت بەو ئەدرێسەی کە لە بەشی خوارەوەی ئەم وەرەقەیەدا ئیشارەی پێکراوە.**

**فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی –بەریتانیا**

**2005-8-5**


**ADDRESS:** **Peel Centre, Percy Circus, London WC1X 9EY**
**Nearest Tube Station: Kings Cross**
**TEL. FAX: 020 7713 0917**
**E-MAIL: firb2002@yahoo.com.uk**